# ژوری كوردستان پێشكەوتن خوازان ئەزموونێكی نوێ لە خزمەت بە دۆزی گەلەی كورد

ئەمرۆكە زۆر بزووتنەوەی سیاسی و كۆمەلایەتی بۆ گەیاندنی بیرو باوەرەكانیان كەلّك لە تۆڕی ئینترنێت وەردەگرن گەلی كورد ئەوە چەند سالێكە دەستی بۆ ئەم داهێنانە گرنگە بردوە، مالّپەر كوردی كردۆتەوە، لە ناویاندا، مالّپەرەكانی بروسكە(حەمید)
كوردستان نێت و نووسەری كورد ژمارەی خوێنەرو كاركردنی بەردەوام لە سەریان وای كردەوە كە ببنە باشترین دەنگ
هەروەها ئەوە چەند سالێكە دیسانەوە گەلی كورد كەلّكی لە سیستەمی پالتاك وەرگرتوە. تا ئێستا بە دەیان ژوریان لەم سیستەمەدا كردۆتەوە، هەر یەكەشیان بە ئەندازەی تەمەن و بڕی ئازادی قسەكردن تێیدا و بە جۆری باسەكان خزمەتی بە خۆی كردوە.
ئەوەی جێی خۆشحالّی یە بە كردنەوەی ژوری پێشكەوتن خوازان دوو نەریتی دیكە بە كەلّك وەرگرتن لە پالّتاك زیادی كرد:
_خۆرێك خستنی كوردان لە رێگەی ئەم سیستەمەوە، كە لە رێگەی ئەم ژورەوە كەمپینی ئەنفال_هەلّەبجە دەنگی خۆی راكەیاند، كۆبوونەوەكانی ساز دا، بەرنامەی كاری دارشت تا بوە هەرە چالاكترین كۆمەلّەكانی كوردی لە هەندەران. دیارە ئەمەش یەكەم جار بوو كەلّك لەم سیستەمە وەرگیرێت بۆ خۆرێك خستن و كۆبوونەوی ئاشكرا.
_ سازدانی كۆمەلێك كۆڕو سیمیناری گرنگ بە زمانی عەربی بۆ عەرەب زمانان و گەورە ئوپۆزسیونانی عێراقی كە بە كۆمەلّ رۆشنبیرانی كورد و عەرەب لە گەلّ سیاسەت مەداران دەكەونە گۆفت گۆ كە ئەمەش ئەزموونێكی نوێ یەو بریار وایە بەردەوام بێ
دیارە ئەم كارەش لە خزمەت ناساندنی دۆزی رەوای گەلەكەمانە و ئەوەی جێگەی زیاتر دلّخۆشییە بەرێوە بردنی ژوری دیكەش بە ناوی الكوردستان الحوار الكوردی العربی كە رۆژانە چەند كاتژمێر بۆ ناساندنی دۆزی كورد دەكرێتەوە و برێاریش وایە جگە لە بەردەوامی دان بە كۆرە عەرەبییەكان بە زمانگەلی تریش ئەم باسانە بەردەوام بن.
هیواداریـن ژورەكانی دیكەش هەمان شیوازی كار كردن بگرنە بەر بۆ خزمەت كردنی دۆزی كورد و ناساندنی كێشە رەواكانی بە گەلانی جیهان بە تایبەت گەلانی ئەو ولّاتانەی كە كوردستانی داگیر كردۆ.

www.mahabad.org